## الملخص البحث

يتكون البناء الاجتماعي في كل مجتمع من مجموعة من الأنساق (النسق البيئي، النسق الاقتصادي، نسق القرابة – الاجتماعي -، النسق الثقافي)، وان جميع هذه الانساق على إتصال بالآخر ومكمل له، ويعتبر نسق القرابة إحدى أهم تلك الانساق التي يقوم علم الانسان (أنثروبولوجيا) بالبحث فيها، وذلك لأهميته وتأثيره الجلي على الحياة الإجتماعية.

مدينة رانية، والتي هي مجتمع البحث، إحدى المدن القديمة والتاريخية في إقليم كوردستان العراق، يتسم بالخصائص البيئية والاقتصادية والاجتماعية والثقافية الخاصة به، ويعتبر من المجتمعات التي لايزال يتمتع بنسق القرابة القوي والثابت، والتي لها تأثير على الجوانب المختلفة في حياة أعضاء المجتمع، ومع ان هذا النسق كباقي انواع الانساق الاخرى في المجتمع، تم التغيير عليها، وذلك تحت تأثير الثقافة الخارجية والتبادل الثقافي وكذلك التغييرات الحاصلة في الحياة الاقتصادية.

في مقدمة هذا البحث تم التطرق الى أهمية والهدف والإجراءات المنهجية، كذلك وخلال ثلاث مواضيع متداخلة (الزواج، العائلة، القرابة) تناولنا نسق القرابة. وفي ختام البحث تم الاشارة الى الاستنتاجات والمقترحات والتوصيات.

## Summery Research

Social structure each society includes some system (ecology, economic, kinship-social- and culture) each of them linking with each other and relocating, kinship (social) is one of the most important systems which has been studying in Anthropology since it is important and has strong affected to social life.

Rnyia city, is community research, which is one of the traditional and historical city in Kurdistan, also has social, ecology, economic and culture specialty. That’s why is one of the society which kinship system is a strong one and has affected individual social life, even this system has been changed as other system by affecting foreign culture , exchange culture and also economic change.

The research introduction presents the important, aim and research methodology, also relative system has been presented in three connecting parts (Marriage, Family and Kinship). Finally it introduces the results, suggestion and recommendation.

## پێشەکی

نەسەقی خزمایەتی(کۆمەڵایەتی) وەک یەکێک لە نەسەقەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی (البناء الاجتماعی) کۆمەڵگا، یەکێکە لە گرنگترین ئەو بابەتانەی زانستی مرۆڤناسی توێژینەوەی لە سەر دەکات و، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە. شاری ڕانیە کە کۆمەڵگای توێژینەوەکەیە، یەکێکە لە شارە دێرین و مێژوویەکانی کوردستان، تایبەتمەندیی ئیکۆلۆجی و ئابووری وکۆمەڵایەتی و کلتوری خۆی هەیە. نەسەقی خزمایەتی لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە و یەکێکە لە پێکهێنەرە گرنگەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و، لە پەیوەندیەکی تەواوکاریدایە لە گەڵ نەسەقەکانی تری کۆمەڵگای توێژینەوەدا(ئیکۆلۆجی، ئابووری، کلتوری).

ئەم توێژینەوەیە، لەڕیگەی سێ باسی بەیەکەوە بەستراوە وە کە بریتین لە (هاوسەرگیری، خێزان، خزمایەتی) باس لە نەسەقی خزمایەتیی کۆمەڵگای توێژینەوە دەکات، بەوپێیەی هەریەک لەو باسانە تەواوکەری یەکترین و نەسەقەکە دەخەنەڕوو، لە کۆتایی توێژینەوەدا دەرەنجام و پێشنیارەکان خراونەتەڕوو.

## گرنگیی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەك گرنگی و بایەخی خۆی هەیە،گرنگیی ئەم توێژینەوەیەش ئەوەیە، کە ئاماژەدانە بە پێکهێنەرکانی نە سەقی خزمایەتی و ئەو کاریگەریەی لە سەر یەکتری هەیانە و، ئەو گۆرانکاریانەی بە سەریاندا هاتووە لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، لە ڕووی تیۆریەوە، دەبێتە یەکێک لە سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر نەسەقی خزمایەتیی کۆمەڵگای توێژینەوە، ئەوەندەی توێژەر ئاگادار بێت، ئەمە یەکەم توێژینەوەی مرۆڤنا سیە لە سەر کۆمەڵگای توێژینەوە ئەنجام بدرێت، لە کاتێکدا، کۆمەڵگایەکی دێرینە و یەکێکە لەو ناوچانەی کوردستان کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە ئەمە خۆی گرنگیەکەی دەردەخات. هەروەها کەڵەکەکردنی زانیاریی زانستی مرۆڤناسیە و، دەبێتە یەکێک لە سەرچاوەکان لە کتێبخانەی کوردیدا. لە لایەکی ترەوە ئەم توێژینەوەیە، دەبێتە سەرەتاو دەروازەیەک بۆ توێژینەوە و نوسینی تری مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوە، هەروەها وەک سەرچاوەیەکیش بەکاردێت بۆ بەراوردکردنی بەکۆمەڵگایەکی توێژینەوەی تر.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن:

1. دەرخستنی پێکهاتە و فرمانی هەریەک لە پێکهێنەرە کانی نەسەقی خزمایەتی و پەیوە ندیی نێوانیان و کاریگەریان لەسەر یەکتری.
2. دەرخستنی نەسەقی خزمایەتی لە کۆمەڵگای توێژینەوە و ئەو گۆڕانانەی بەسەر یەکە و پێکهێنەرەکانیدا هاتوو.

## کۆمەڵگای توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیە لە شاری ڕانیە، کە ناوەندی قەزای ڕانیە و ئیدارەی ڕاپەڕینە، یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی و دەکەوێتە بەشی باکوری خۆرئاوای پارێزگاکە و باکوری خۆرهەڵاتی

هەرێمی کوردستان و عێراقەوە. دانیشتوانی شاری رانیە بریتیە لە (٩٦٦٧٥)کەس، هەروەها ژمارەی خێزانەکانی بریتیە لە (٢١٣١٧)خێزان.

## میتۆدەکانی توێژینەوە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، لە ڕووی پێویستیەوە، پەیڕەوی دوو میتۆد دەکات، کە بریتین لە: میتۆدی پێکهاتەی فرمانی(المنهج البنائی الوظیفی) و میتۆدی مێژوویی(المنهج التأريخی). هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان ئەم ئامرازانە بەکارهاتوون: بینین ، بینین بە بەشداریکردنەوە، چاوپێکەوتن، کتێب، گۆڤار، یاداشت و بیرەوەری، شوێنەوار،خەڵکانی بەتەمەن و شارەزا.

